وەرگێردراوێک لە ( شێعر – نووسراوەیەکی) ئەحمەد  شاملوو  بە ناوی ئەوینی گشتێیَ کە بە ناوو دەنگە وزۆر کەس بە شێعرێکی بەرز پێناسەی دەکەن.

## ئەوینی گشتێی

فرمێسک  نهێنیی‌یەکە
بزە  سورێکە
ئەوین رازێکە
روندکی شەوی گۆرین بزەی ئەوینم بوو
چیرۆک نیم کە بیڵێی
ئاواز نیم کە بیبێژی
دەنگ نیم کە بیبیسی
یان تشتێک کە  بیبینی
تشتێکی ئەو تۆ کە بیزانی...

من دەردی هاوبەشم
هاوارم کە!

دار لەگەڵ لێرەوار دەدویَ
گیا لەگەڵ دەشت
ستێرک لەگەڵ کاکێشان
منیش لەگەڵ تۆ دەدوێم
ناوتم پیَ بێژە
دەستم بدە دەست
لەگەڵم بدویَ
دڵت بدەمن
من لە دەرونت ئاگادارم
بە لێوی تۆ بۆ هەموو لێوێک دواوم
دەستەیلت ئاشنای دەستی منن.
لە نهێنگەی روناکدا لەگەڵت گریاوم
لەگەڵت چریوم بۆ  زیندووان
جوانترین هەڵبەست لە گۆرستانی تاریکدا
چونکە ئەوانەی ئەمساڵ مردن
ئەویندارترینی زیندووان بوون

دەستت بدە دەستی من
دەستەکانت ئاشنای دەستی منن
ئەی لەمێژینە لەگەڵ تۆ دەدوێم
وەکۆ هەور لەگەڵ تۆفان
وەکو گیا لەگەڵ سارا *
وەکو باران لەگەڵ دەریا
وەکو مەڵ لەگەڵ بەهار
وەکو درەخت و لێرەوار

چونکە من
بنەماکانتم ناسیوە
چونکە دەنگت
ئاشنای دەنگی منە

سارا: (صحرا) دەشت،
روندک: فرمێسک، ئەسرین
سورِ : راز، نهێنی
چڕین : قامگوتن، گۆرانی گوتن، بانگ کردن
بزە: زەردەخەنە
شاملو دەلێ : "که ریشه‌های تو را دریافته‌ام." من" بەبنەما"م وەرگێڕاوە. لامواية وشەیەک دەبێ بەدوای ریشەهادا بووبێ و کەوتبێ. ئەو وشەیەش دەبێ "درد" بە واتای ئازار بێ. چونکە تێکستەکە سەرجەم باس لەوە دەکا. دیارە نابێ شاملوو وشەی" ریش"ی بە مانای"برین و جەراحەتی" بەو شکڵە بەکار هێنابێ.
ریشە: بەشێک لە ئەندامی گیا، رەگی گیا و درەخت کە لەئەرد رۆدەچێ. کارەکەی ئامادەکردنی خۆراکی قەدو باڵاو بەپێوەراگرتنیەتی، بن، بنیچە، تا و داوی پەردە و پەراوێزی پارچە. فەرهەنگی " معین"
هەژارموکوریانی، شاملووی بە شاعیر نەدەزانی. لەوتووێژێکدا لەگەل سروە، کە سەبارەت بە شێعرەکانی شاملوو لە مامۆستا هەژاریان پرسی، گوتی : من پێم شێعر نین با کافر بم. یان گوتی: پێم شاعیر نییە با کافربم. دەقەکەیم لەدەستدا نییە. تکایە ئەگەر کەسێک دەقی وتووێژەکەی هەیە بۆسایتی "رۆژهەلات" ی بنێرێ.
وەرگێر: حەسەنئەیوبزادە